فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەیان ئامانجی لە هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان کردە ئامانج



کەمەک پێش ئێستا، وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند: 32 ئامانجی پەکەکە و هاوپەیمانەکانیمان لە باکووری عێراق و سووریا کردە ئامانج و بەردووماندەبن.

ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەڕەشەکی چەکداری بە سەر ناوەندی کەمپانیای پیشەسازی ئاسمانی تورکی "توساس" لە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 23ی تشرینی یەکەمی 2024 لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، کە لە ئەنجامەکەی چوار کەس کوژراون و 14 کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون.

لەدوای هەڕەشە چەکداریەکەی سەر ناوەندی کەمپانیای پیشەسازی ئاسمانی لە پایتەختی تورکیا، نەچیرڤان بارزانی سەرکی هەرەمی کوردستان لە پەیامێکی هاوخەمی ڕایگەیاند، "هەڕەشە تیرۆریستییەکەی ئەمڕۆی ئەنقەرە ئیدانە دەکەم، سەرخۆشی و نزاکانم لەگەڵ کەسوکاری قوربانیەکانە و هیوای چاکبوونەوە بە بریندارەکان دەخوازم، ئەمە هاوسۆزی تەواو لەگەڵ گەل و حکومەتی تورکیا دژ بە تیرۆر و تیرۆرستان دەوەستین".

لەدوای هەڕەشە چەکداریەکە لە پایتەختی تورکیا، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەندین پێگەیان لە هەرەمی کوردستان و ناوچەی شەنگال و ڕۆژئاوای کوردستان کردە ئامانج و لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ئەنجامی هێرشەکانی تورکیا چەندین قوربانی کوتوەو لە ناوچەکانی کرێ سپی، قامشلە، کۆبانێ، مەنبەج.